Kurdistannet کوردستان نێت

# ژوان

ئەحمەد دەشتی



زۆر لەمێژە چاوەڕێتم
ڕوت وەدەرخەی
بێیتە ژوان و لەم جیهانەم
ئازارانم لا کەم بکەی
هەست و بیری خۆشەویستی
بە هاتنت پتەو بکەی
هەرچی خەمی ڕۆژگارانی
دووری خاکە لە ناو بەری و
لەسەر لوتکە دوور دوورەکان
ئارامی ژین وەدی بێنی
زۆر لە مێژە هەر دوور دەڕۆی
نایێی دڵی برینی من هەتوان بکەی
سازەکانی ڕەهایی بوون
لە سەر خاکی خوێناویما
دابێن بکەی
شەوی تار و ڕۆژگاری ڕەش
لەم خاکەی دڵ وەدەر بنێی
وەک بەربەیان دركەویت و
خۆرەتاوی بەرزو بڵندم
بۆ هەمیشە وە دەربخەی
هەتا چیتر شەو تابەیان
چاوی گرینم نەسڕمەوە و
پەژارەکان نەخۆمەوە
دەتۆ وەرە ئارەزووی من
دڵی تەشنەم
بە دیداری سیمای جوانت



**تێراو بکەو شادم بکە**
**ڕوانینی سالهای ساڵ و**
**واق وڕمانی ئەم ژینەی من**
**بۆ هەتایە ڕاست کەرەوە و**
**بە هاتنی هەمیشەییت**
**هەرچی زامی دیرینەمە**
**سارێژ بکە و ببڕینەوە ژانەکانم**
**زۆر دەمێکە**
**شەوی تارو ڕۆگاری ڕەش**
**لێم ئالاوە و**
**دنەی مەرگ و نەمان دەدەن**
**بەفری سپی سەر دۆندانیش**
**هەموو ساتێ لە زیادەیە و**
**لە تاو دووری و نەهاتنی**
**سەربەخۆیی وەلاتی خۆم**
**وەکو شەمم دەتوێمەوە**

*

**مانگی چواری 2005 تاراوگە**